زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# فێربوونی زمان و ئاستەنگەکانی فێربوونی زمانی منداڵ

## لە تەمەنی (2-3)ساڵیدا

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشکەش بە بەشی (کوردی) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

**ئامادەکراوە لەلایەن:**

**تاڤگە قادر ئیبراهیم**

**بە سەرپەرشتی:**

**پ.د.رفیق شوانی**

**ئایار - 2020**

## سوپاس و پێزانین:-

*زۆر سوپاس و پێزانین بۆ (د.ڕەفیق شوانی) کە ئەرکی سوەرپەرشتی کردنی لێکۆڵینەوەکەی گرتە ئەستۆی خۆی.

*زۆر سوپاسی تایبەتم بۆ هاوسەرە بەرێزەکەم.

*زۆر سوپاس بۆ دایکی هاوسەرەکەم زۆر هاوکارم بووە.

*زۆر سوپاس بۆ هاوڕێیانم (ئەمیرە، ئەسما، بەهار).

*زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە تەنیا بە وشەیەکیش بێت یارمەتیان داوم.

**پێشکەشە بە:-**

*هاوسەرەکەم و منداڵەکانم.

*دایک و باوک و خوشک و براکانم.

*دایک و برا و خوشکی هاوسەرەکەم.

*سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی و هەموو مامۆستا بەڕێزەکان.

*هەموو ئەو منداڵانەی گەشەی زمانیان دواکەوتووە.

**ناوەرۆک**


| بابەت | ژمارە |
| --- | --- |
| پێشەکی | **١** |
| **بەشی یەکەم** | ٢ - ١١ |
| فێربوونی زمان - زمان | ٣ |
| تیۆرەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمان | ٤ |
| تیۆری لاسایی کردنەوە | ٤ |
| تیۆری رەوشتی | ٥ |
| تیۆری خۆرسکی | ٥ |
| قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ | ٦ |
| قۆناغی هاوار کردن | ٦ |
| قۆناغی گروگاڵ | ٧ |
| قۆناغی لاسایی کردنەوە | ٧ |
| قۆناغی واتا پێدان | ٧ |
| قۆناغەکانی زمانی منداڵ | ٨ |
| قۆناغی دەنگی | ٨ |
| قۆناغی بڕگە | ٩ |
| قۆناغی وشە | ٩ |
| قۆناغی ڕستە | ٩ - ١١ |
| **بەشی دووەم** | **١٣ - ٢٧** |
| دواکەوتنی قسەکردن لای منداڵ | ١٣ |
| هۆیەکانی دواکەوتنی زمانی منداڵ | ١٣ |
| هۆی بایلۆجی و ئەندامی | ١٣ |
| هۆی ژینگەیی | ١٤ |
| هۆی دواکەوتنی فێربوونی زمان | ١٤ |
| ئاخاوتن بە دوو زمان | ١٤ |
| هۆی بۆ ماوەیی | ١٥ |
| هۆی تێکەڵاو نەبوون | ١٥ |
| هۆی دووانە | ١٦ |

| | |
|---|---|
| کاری پراکتیکی | ١٨ - ٢٧ |
| ئەنجام | ٢٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣٠ - ٣١ |

# پێشەکی

بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی، لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی زانکۆ و کۆلێژی زمان باسێکی دەرچوونم ئامادە کردووە، لە بوارەکەی خۆم.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەراستیدا خۆم وەکو دایکێک منداڵم هەیە، حەز دەکەم ئەو کارانەی کە دەیکەم لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوە، زیاتر لەسەر منداڵان بێت هەروەها ئەم نووسینانەی لەم بوارەدا بۆ منداڵان دەنووسرێن و بڵاو دەکرێنەوە، هەر چەندە گرنگیان پێبدەین و باس لە تایبەتمەندیان بکەین، ئەگەر کارەکە بچووکیش بێت واتا گرنگیمان بە زمانی منداڵانی نەتەوەکەمان داوە.

ئەم باسە، کە بە ناونیشانی (فێربوونی زمان و ئاستەنگەکانی فێربوونی زمانی منداڵ لە تەمەنی ٢-٣ ساڵ)ی، باس لە چۆنیەتی فێربوونی زمان لای منداڵ لەم ڕووەوە دواکەوتنی زمانی منداڵ، چۆنیەتی ئەنجامدانی باسەکەم بریتییە لە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی، سەردانی مەیدانی، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستای دەروونناس، سەردانی داینگە و چاوپێکەوتن لەگەڵ دایکانی بە ئەزموون لە پەروەردەکردنی منداڵدا، جگە لەوەی خۆم وەکو خوێندکارێک منداڵم هەیە، بۆیە باسی ئەم بابەتەم کردووە.

باسەکەم بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەم بریتییە لە فێربوونی زمان لای منداڵ لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، باس لە (تیۆری زمان-زمان، تیۆرەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمان، قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ، قۆناغەکانی زمانی منداڵ)کراوە.

بەشی دووەمیش باس لە ئاستەنگەکانی فێربوونی زمانی منداڵ، لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، (دواکەوتنی قسەکردن لای منداڵ، هۆیەکانی دواکەوتنی زمانی منداڵ، هۆیەکانی دواکەوتنی فێربوونی زمان، کاری پراکتیکی)کراوە. باسەکەم بە ئەنجام و دیاری کردنی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

## بەشی یەکەم

فێربوونی زمان

زمان

تیۆری وەرگرتنی فێربوونی زمان

تیۆری لاسایی کردنەوە

تیۆری خۆرسکی

تیۆری ڕەوشتی

قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ

قۆناغی هاوار کردن

قۆناغی گڕوگاڵ

قۆناغی لاسایی کردنەوە

قۆناغی واتا پێدان

قۆناغەکانی زمانی منداڵ

قۆناغی دەنگ

قۆناغی بڕگە

قۆناغی وشە

قۆناغی ڕستە

# بەشی یەکەم

# فێربوونی زمان

## زمان

(زمانی مرۆڤایەتی دیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتییە، لایەنی دەروونی زۆر ئاڵۆزە. زمان ئەو ئامرازە داهێنراوەیە کە مرۆڤ فێری بووە، هەرگیز ناتوانێ وازی لێ بهێنێ، چونکە دەتوانێ ئەرک و پێداویستییەکانی پێ جێبەجێ بکات بەبێ زمان کارەکانی بۆ مەیسەر نابێ، زمان نرخێکی گەورەی هەیە لە روونکردنەوەی تەوەرە کاریگەرەکان لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا، بۆیە زمان بۆتە هۆی تێڕامان و بیرکردنەوە، بۆ دۆزینەوەی لایەنی تێگەیشتن و پەیوەندیەکانی ئەو ئەرکانەی، کە بەکارهێنەرانی دەیدەن بە مەبەستی تێگەیشتن و لایەنی لێڵیەکانی، تا بتوانێ سیستەمەکەی دیاری بکەن لە نهێنیەکانی قوڵ ببنەوە، تا رێگا بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕێزمان و دەستوورەکانی خۆشکردبێت.)د.رەفیق شوانی، 2008، ل٩.

کەواتە دەتوانین بڵێین زمان: هۆیەکە بۆ پەیوەندی کردن لە نێوان تاکەکان، پێداویستییەکانی رۆژانەیان جێبەجێ دەکەن زمان ئەو ئامراز و توانستە سروشتیەیە، کە خوای گەورە بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، ئەگەر زمانیش ئەو تایبەتمەندییەی نەبێت منداڵ دوای لەدایکبوون توانایی پەیوەندی کردنی بەدەوروبەر نابێت.

لە ئەنجامی ژیانی خێزانی و تێکەڵاو بوونی تاکەکانی ناو کۆمەڵ، منداڵ فێری زمانی گەل و نەتەوەکەی دەبێت، مشتومڕێکی زۆر لەنێوان زاناکاندا هەیە دەربارەی چۆنیەتی فێربوونی زمان لای منداڵ هەر زانا و قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بیروبۆچوون و ڕای تایبەتی خۆی باس کردووە تیایدا، قوتابخانەکان ڕەخنە لەیەک دەگرن کەم و کورییەکانیان باس دەکەن و دان بەیەکتری نانێن.

## گرنگترین تیۆرەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمان ئەمانەن:-

1-تیۆری لاسایی کردنەوە.

٢-تیۆریخۆرسکی.

٣-تیۆری ڕەوشتی.

## ١-تیۆری لاسایی کردنەوە:-

بەڕای زانایانی ئەم تیۆرە، (منداڵ لە ڕێگای لاسایی کردنەوەیی گەورەکان و کەسانی چواردەوری، منداڵ قسە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ منداڵەکە دەکەن، لەو کاتەدا منداڵ سەرنجی ئەو کەسانە دەدات و هەوڵ دەدات وەکو ئەوان دەنگ و ووشەکان دووبارە بکاتەوە، کەواتە لایەنگرانی تیۆری لاسایی کردنەوە پێیان وایە منداڵ لەئەنجامی لاسایی کردنەوە و ئاخاوتنی ئەو کەسانەی، کە ژینگەکەی دا هەن فێری زمان دەبێ.) ئارام عبدوللا یاسین، ٢٠١٤، ل٣٦٧.

(ئەم تیۆرە ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆوە، چونکە زۆرجار منداڵ لاسایی گەورەکان دەکاتەوە، گوێ بیستی قسەکانیان دەبێت، بەڵام کاتێک ئەم منداڵە قسە دەکات، دەبێت وشە و ڕستەی گەورەکان وەکو ئەوان دووبارە ناکاتەوە،بەڵکو دەستکاریان دەکات بە شێوازی خۆی دایان دەڕێژێتەوە.) کەریم شەریف،٢٠١٥، ل٣٦.

## 2_تیۆری ڕەوشتی:-

لایەنگرانی ئەم تئۆرە، (وەرگرتنی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ فێربوونی تاک بەهۆی ژینگە و دووبارەکردنەوەی ئەو وشانەی، کە منداڵ بۆ یەکەم جار دەریدەبڕن هەروەها پاڵپشتی منداڵەکە بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو وشانە، بەمەش منداڵ ئەو دەنگانە دووبارە دەکاتەوە، کە کەسانی چواردەوری و دایک و باوکی پێیان خۆشە.) ئەم تیۆرە ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆوە، چونکە نەیتوانیوە بە سەرکەوتووی هەموو لایەنەکانی فێربوونی زمان لێکبداتەوە. دانا تەحسین، ٢٠٠٨، ل٤٤.

لێرەوە دەتوانین بڵێین، بەپێی ئەم دوو تیۆرە دەبێت خێزان ژینگەیەکی دەوڵەمەندی گونجاو و لەبار بۆ منداڵ بخوڵقێنێت، بەردەوام هانی بدات و پشتگیری هەنگاوەسەرکەوتووەکانی بکەن، بۆ ئەوەی فێری زمان بێت و بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە بکات، دەبێت زمانی چواردەوری منداڵ کە دایک و باوکەوە دەست پێدەکات پاراو و ڕاست و دروست بێت.

## 3-تیۆری خۆرسکی:-

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە (مرۆڤ توانای وەرگرتنی زمانی هەیە لەگەڵ لەدایکبوونی بە شێوەیەکی خۆرسکی.)، دانا تەحسین، ٢٠٠٨، ل٤٣.

جۆمسکی لەو باوڕە دایە، (منداڵ پێش ئەوەی لەدایک بێت توانستێکی لەبن نەهاتووی هەیە بۆ فێربوونی زمان، ئەویش لەڕێگای پێکهاتووەکان کۆئەندامی دەماری ناوەندیەوە بەرچەستە دەبێت.)،جمال حسن،٢٠١٣، ل٣٠.

دەتوانین لێرەوە بڵێین، بەپێی ئەم تیۆرە هەموو منداڵێک لەهەر کات و شوێنێک بێت، لەڕێگای ژمارەیەک دەنگی دیاریکراو بەپێی ڕێزمانێکی نیمچە هاوبەش فێری زمان دەبێت، لەڕێگای ئەو کۆمەڵە دەنگە بێمانایەوە ژمارەیەک وشەی واتادار دروست دەکات.

## قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ

(هەنگاوەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ بەپێی سیستەمێکی ڕێکوپێک کاردەکات، هەر لە سەرەتایی لەدایکبوونەوە گەشەی زمانی منداڵ خێرایەکەی وەک یەک نییە، واتا هەندێک جار خێرایە و هەندێک جار سستە، بۆ نموونە لە هەفتەی (٥-١١)و لە هەفتەی (٢٠-٣٠)خێرایە، بەڵام لە هەفتەی (١٤-٢٣)بە سستی هەنگاو دەنێت، چونکە منداڵ لەوتەمەنەی فێری شت گرتن دەبێت، زمانەوانان و دەروونناسان لەسەر قۆناغەکانی ڕێک نەکەوتن تاکو ئێستا، بەڵام دیارترینیان هەنگاوەکانی وەرگرتنی زمان لای یسپرسن.)،عبدالواعید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ل١٨٥،، گەشەکردنی زمانی منداڵ پابەندە بە هەبوونی ئەم دوو مەرجە:-

١-مەرجی تەواوی ئەندامانی پەیوەست بە ئاخاوتن.

٢-مەرجی ڕاهێنانی ئەندامانی ئاخاوتن لە دوای گەشە کردنی تەواو لەرێگای فێربوون

جمال حسن مینە، ٢٠١٣، ل٤٦.

## هەنگاوەکانی وەرگرتنی زمان لای (یسپرسن)

(یسپرسن)ی دانیمارکی، دابەشکردنێکی بابەتیانە بۆ قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ دەکات، لەوانەش:-

**قۆناغی هاوارکردن:** -آ-هاوارکردنی بێ ویستن.

ب-هاوارکردن بە ویستی منداڵ.

(گریانی منداڵ لەسەرەتایی لەدایکبوونی بە هاورێکی بێ ویستی منداڵ دادەنرێت، منداڵ لە هەفتەی یەکەمەوە سێ جۆر گریانی هەیە لەوانەش، مۆسیقی، توڕەیی، ئێش، کە دایک بە تێپەڕبوونی کات جیای دەکاتەوە گریانی منداڵ سەرەتا بە دەنگە بزوێنەکانی (ا، و)دەست پێدەکات و لەژێر کاریگەری ترس و برسیەتی ئەنجام دەدرێت، بۆ ئاگادارکردنەوەی دەورووبەر تاوەکو پێداویستیەکانی جێبەجێ بکەن.)عبدالواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ل١٦١.

## قۆناغی گڕوگاڵ:-

(قۆناغی گڕوگاڵ پاش قۆناغی هاورکردن دێت، لەم قۆناغەدا منداڵ هەندێک دەنگی تازە فێر دەبێتوەک بەکارهێنانی هەردوو لێوەکان، یەکەم پیتیش بریتییە لە (ب)دوای ئەویش ئەو پیتانە دێت، کە پەیوەندی بە ددانەکانەوە هەیە وەکو (د، ت)دوای ئەویش پیتەکانی تر دێت....، منداڵ ئەم دەنگانە دووبارە دەکاتەوە وەکو خۆشیەک، هەر ئەم قۆناغەش سەرەتایی ڕاهێنانی ئەندامانی ئاخاوتنە لای منداڵ.) حاتم صالح الضامن، ١٩٨٩، ل١٠٩.

## قۆناغی لاسایکردنەوە:-

(دوا بە دوای قۆناغی گڕوگاڵ قۆناغی لاسایی کردنەوە دێت، منداڵ هەوڵی لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانە دەدات، کە گوێ بیستیان دەبێت بەمەش منداڵ هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە، دەست دەکات بە سەرنج دانی ئاخاوتنی ئەو کەسانەی لە ژینگەکەی دا دەژین، بە تایبەتی لەو کاتانەی هەست بە جووڵەی دەم و چاویان دەکات و هەڵدەستێت بە لاسایی کردنەوەیان ئەوەندەی بتوانێت، لەم قۆناغەدا منداڵ کاتیک لاسایی دەنگ و هاواری کەسانی تر دەکاتەوە، بەمەبەستی پەیوەندی کردن پێیان هەندێک جاریش لاساییان دەکاتەوە بۆ خۆشی و سەرنج ڕاکێشانی ئەو کەسانەیە.) جمال حسن مینه، ٢٠١٣، ل٥٤.

## قۆناغی واتا پێدان:-

(منداڵ لەم قۆناغەدا فێری واتای وشەکان دەبێت، لە قۆناغی لاسایی کردنەوە منداڵ دەڵێت ماما، بابا، بەبێ ئەوەی مانایان بزانێت، بەڵام لەم قۆناغەدا منداڵ ئەو وشە و شتانەی گوزارشتی لێدەکات فێری مانایان دەبێت، بۆ نموونە کاتێک دایک دەردەکەوێت دەڵێت ئەوە دایکە، کاتێک باوک دەردەکەوێت دەڵێت ئەوە بابەیە، بەم شێوەیە منداڵ ڕۆژ دوای ڕۆژ فێری مانای ووشەکان دەبێت، هەرچەندە یەکەم جار ئەو مانایە دەدات بە هەمووان، بۆ نموونە منداڵ فێری مانای بابا دەبێت بە هەموو پیاوێک دەڵێت بابا، یان بە هەموو ئافرەتێک دەڵێت دایە، بەڵام وردە وردە ناوی ئەوانیش فێر دەبێت هەر شتە و لە شوێنی خۆی بەکاری دەهێنێت.)،کریم شەریف،٢٠١٥، ل٤٦.

کەواتە دەتوانین بڵێین منداڵ لە دوای لەدایکبوون دەست دەکات بە گریان و هاوار کردن بەبێ ویست، بەڵام دواتر وردە وردە ئەم هاوار کردنە دەگۆڕێت بۆ ویستی منداڵەکە لە کاتی پێویستدا، گڕوگاڵی منداڵ دەربڕینی چەند دەنگێکی بێ مانایە منداڵ لەو کاتەدا تەنها بۆ خۆشی وادەکات، کە گوێی لە دەنگی خۆی دەبێتدەروبەرەکەی هانی دەدەن بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو دەنگانە، لە لاسایی کردنەوە منداڵ هەوڵدەدات لاسایی ئەو کەسانە بکاتەوە، کە لە دەورووبەری دەژین بۆ سەرنج راکێشانی خێزانەکەی بە تایبەتی ئەگەر گرنگی پێ بدەن، ئەو دەنگانەی کە گوێی لێ دەبێت هەڵیدەگرێ لە زاکیرەی خۆی، هەوڵدەدات بە شێوازی خۆی دایان بڕێژێت و ئینجا دەریان ببڕێت.

لە واتا پێدان منداڵ فیری ئەوە دەبێت ئەو وشانەی دەریدەبڕێت واتایەکی هەیە، کە دەڵێ بابە مەبەستی باوکیەتی کە دەڵێ دایە مەبەستی دایکیەتی، کە دەڵێت ئاو یاننان مەبەستی تێنیومە یان برسیمە، هەر وشە و لە شوێنی خۆی بەکاری دێنێت.)

## قۆناغی زمانی منداڵ

## قۆناغی دەنگ

(لەم قۆناغەدا منداڵ دەست دەکات بە داهێنانی ئامێری دەنگی و دەنگە ژێیەکان، هەروەها ئامێری بیستن بۆ دەربڕین و دەنگەکانی، ئەمەش وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ وەرگرتنی دەنگەکان، ئەگەر سادەش بێت، منداڵ لە مانگی سێیەم و چوارەم بەرەو ئەوە دڕوات بەسەر ڕێڕەوی هەوا و دەنگە ژێیەکانی زاڵ بێت، ئەو دەنگانەیدەریان دەبڕین لە دەنگە بزوێنەکاننکەمتر لە دەنگە نەبزوێنەکان نزیک دەبێتەوە، ئەم دەنگانە بە هەڕەمەکی دەدرکێنن و ئاسان نییە دووبارە بکرێنەوە یان تۆماربکرێن، یەکەم دەنگ بریتییە لە (ب)دوای ئەو دەنگەکانی (د، ت)دێت.)جمال حسن مینه، ٢٠١٣، ل٥٢.

## قۆناغی بڕگە:-

(بڕگەی یەکەم کە منداڵ دووبارەی دەکاتەوە، پێکدێت لە هەندێ پیتی ئاسان وەک (با، ما)لەوانەیە منداڵ بڕگەی تر زیاد بکات بۆ دەربڕینەکانی، وەک(بابا، ماما)بۆ ئەوەی جۆرێک لە واتا لەخۆ بگرێ، بەمەش هەوڵ دەدات دەنگە نامۆکان لە دەربڕینەکاندا لابدات و ئەو دەنگانە لاسایی بکاتەوە، کە لە زمانی دایکی دا هەن لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی منداڵ دەنگەکان زیاد دەکەن و بە تەمەن دا دەچن، پەیتا پەیتا لە دەنگی گەورەکان نزیک دەبنەوە، منداڵ ئارەزووی ڕێکخستنی دەنگەکانی دەکات بۆ ئەوەی وەکو دەنگی گەورەکانی لێ بکات، بەڵام وەکو ئەوانی لێ نایەتبەهۆی پێنەگەیشتنی کۆئەندامی ئاخاوتن لای منداڵ.)جمال حسن مینە، ٢٠١٣، ل٥٥.

## قۆناغی وشە:-

(زانایانی سەرەتایی ئەم قۆناغە بە گشتی بە ساڵی یەکەم لە تەمەنی زۆربەی منداڵان دەستنیشان دەکەن، نزیکی نۆ مانگی بۆ منداڵە خورت و وریاکان دادەنێت، زۆربەی ئەو وشانەی کە منداڵ بۆ یەکەم جار گوی دەکات، وشەی تاکە بڕگەی دووبارەکراو دەبێت وەک(ماما، بابا، دادا)ئەم وشانەش بەلای منداڵەوە ڕستەی تەواون، چونکە جێگای ڕستەی تەواو دەگرنەوە کە دەڵێن (بابا)مەبەستی ئەوەیە کە باوکی دەوێت، سەرەتایی دەستکەوتنی منداڵ لە فێربوونی وشەدا زۆر بە هێواشی دەست پێ دەکات، پاشان لە تەمەنی دووساڵیدا بە خێرایی دەڕوات.)

(سمیث)دەڵێت ((کاتێک منداڵ تەمەنی دەگاتە یەک ساڵ تەنها سێ وشە فێردەبێت،بەڵام لە کۆتایی دووەم ساڵی تەمەنی (٢٧٢)وشە فێردەبێت.))د.ئازاد ئەمین باغەوان-و ناسع محمد فاتح، ٢٠١١، ل٣٤.

## قۆناغی ڕستەیی:-

ئەم قۆناغە دابەش دەبێت بۆ چەند قۆناغێکی تر:-

آ-قۆناغی بەکارهێنانی یەک وشە لە جێگای یەک ڕستە، لە تەمەنی یەک ساڵیەوە تا دەورووبەری دوو ساڵی، هەندێک جار مەبەستی منداڵ کە بەکارهێنانی وشەی (دایکە)یە، تەنها مەبەستی ئەوەیە بڵێت (دایکە وەرە).

ب-قۆناغی ڕستەی ناتەواو (لە تەمەنی دوو ساڵیەوە تا وەکو چوار ساڵی):-مەبەستی لە ڕستەی ناتەواو وشەیە (دوو وشە یان زیاتر)، کە لە پاڵ یەکترەوە دادەنرێت بێ ئەوەی ڕستەی تەواوی لێ دروست بکرێت.ئازاد ئەمین باغەوان، و-ناسع محمد فەتاح، ٢٠١١، ل٣٨.

## قۆناغی ڕستەی تەواو:-

## (لە چوار ساڵیەوە دەست پێدەکات):-

(ئەوەی تێبینی دەکرێت، کە منداڵ لە سەرەتایی ساڵی سێیەمەوە وردە وردە ڕستەی سادە کەمتر بەکار دەێنێت، ڕستەی ئاڵۆز جێگای ڕستەی سادە دەگرێتەوە لەم قۆناغەدا منداڵ زمانی گەشە دەکات و فێری هەندێک وشە دەبێت، وە بە بەکارهێنانی(ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ئامرازەکان...)، هەرچەندە منداڵ گەشە بکات و تەمەنی گەورەتر بێت، تێکەڵاوی دەورووبەر بێت تا دەگاتە باخچەی ساوایان و قوتابخانە، ئەوا زمانی زیاتر گەشە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەمیشە لەلایەن خێزانەکەی بە دواچوونی بۆ بکرێت.)حاتم صالح الضامن، ١٩٨٩، ل١١١.

کەواتە دەتوانین بڵێین، قۆناغەکانی زمانی منداڵ کت و پڕ رووناداتت بەڵکو ئەم قۆناغە بەدوای یەکتردا دێن، یەکتر تەواو دەکەن منداڵ کاتێک لەدایک دەبێت دەنگ دەردەبڕێت، لەرێگای گریانەوە، بەڵام لەدوای (٤)مانگەوە منداڵ جۆرە ئارەزوویەکی هەیە بۆ دەربڕینی ئەم دەنگانە، بە تایبەت کاتێک گوێی لە دەنگی خۆی دەبێتەوە، منداڵ لە دوای (٦-١٢)مانگ لە هەندێک وشە تێدەگات وەک (بای، وەرە)هەوڵدەدات بڕگە دروست بکات، بە دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی (ما، با). لەدوای (١٢)مانگ تا (٢)ساڵ منداڵ (٣-٢٠)وشە دەزانێت، کە پێشتر بەکاری هێناوە وەک (بابا، ماما) هەوڵدەدات ڕستەیان لێ دروست بکات، لە تەمەنی (٢-٣)ساڵ ڕستە دروست دەکات، لە سێ وشە وەک (ئاو دەخۆم)یان، (نان دەخۆم)، کە پرسیاری لێ دەکەن دەتوانێت وەڵام بداتەوە لە واتای وشە و ڕستەش تێدەگات.

## بەشی دووەم

ئاستەنگەکانی فێربوونی زمانی منداڵ

دواکەوتنی قسەکردن لای منداڵ

هۆیەکانی دواکەوتنی زمانی منداڵ

هۆی بایلۆجی و ئەندامی

هۆی ژینگەیی

هۆی دواکەوتنی فێربوونی زمان

هۆی بۆ ماوەیی

هۆی تێکەڵاو نەبوون

هۆی دووانە

کاری پراکتیکی

## دواکەوتنی قسەکردن لای مداڵ

(دواکەوتنی قسەکردن و فێربوونی زمان لای منداڵ، بە یەکێک لە کێشە باوەکان دادەنرێت، کە ڕووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە دایک و باوک تووشی دڵەراوکێ و ترس دەکات، دواکەوتنی قسەش بە واتایی ئەوە دێت کە منداڵ قسەکردنی دوا دەکەوێت، لەچاو تەمەنی گونجاوی خۆیدا یان قسەکردنی ناسروشتیانەی دەبێت، منداڵەکە چەند دەنگێکی بێ ناوەڕۆک دەردەکات یان بە دەست و سەر ئاماژە بۆ شتەکانی دەوروبەر دەکات بۆ تێگەیاندنی بەرامبەرەکەی، منداڵەکە ئەوەندە وشە کەم بەکار دەهێنێت ئەستەمە بتوانێت ناو لە شتەکانی دەورووبەری بنێت، وەڵام دانەوەی بۆ هەموو شتێک بە تەنها یەک وشەی دیاریکراو دەبێت.)نووسینی دەرووناس، زانا جبار، googleوەرگیراوە.)

## هۆیەکانی دواکەوتنی زمانی منداڵ

### هۆی بایلۆجی و ئەندامی

(هەندێک لە منداڵان کە ئاستەنگی فێربوونیان هەیە، بە شێوەیەکی سادە مێشکیان لەناو چووە، کە کاریگەریی هەیە لەسەر هەندێک لایەنەکانی گەشەی زمان، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە زۆر ئەستەمە بتوانین بیسەلمێنین، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەبێت لەنێوان لەناو چوونی کەمێکی مێشک لە ئاستەنگەکانی فێربوون. پسپۆڕان و پزیشکان پێیان باشترە زارەوەی تێکچوونی فرمانی سادە لە مێشک بەکار بهێنن لە جیاتی زاراوەی تێکچوونی مێشکی سادە، زۆرترین هۆکاری ئەندامی دەگەڕێتەوە بۆ شلەژانی کۆئەندامی ناوەندی دەمار.)حسن مەنسی، خالید مالیزی، ٢٠١٨، ل٦٩.

کەواتە دەتوانین بڵێین، ژمارەیەک لە کۆئەندامەکانی لەش بەشدارن لە دروست کردن و فێربوونی زماندا وەک (خانەکانی مێشکی تایبەت بە زمان، دەنگە ژێیەکان، جووڵە و پێکهاتەی زمان...)، ئەگەر کەم و کورتی لە یەکێک یان زیاتر لەو ئەندامانە هەبێت ئەوا کەم و کورتی دەکەوێتە زمان و توانای قسەکردن.

## هۆی ژنگەیی

(ئەگەر ژینگەیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری منداڵ هەژار بێت، کە ڕستە و ئامراز هۆکاری تایبەتی بە گەشەکردنی منداڵی تێدا نەبێت. ئەوا ئەو منداڵانە وەک پێویست فێری زمان نابن، بۆ نموونە ئەگەر دایک و باوک کەم دووبن و هانی منداڵ نەدەن و هەڵەکانیان بۆ راست بکەنەوە و ئامرازی یاری کردن لە ماڵدا نەبێت، ئەوا دوور نییە منداڵەکانیان تووشی دواکەوتنی زمان ببن، زمانیان پاراو و دەوڵەمەند نەبێت و تووشی زۆر هەڵە بن لەکاتی قسەکردندا.)کەریم شەریف، ٢٠١٥، ٤٢.

کەواتە دەتوانین بڵێین، ژینگەی ناو خێزان بۆ فێربوونی زمان گرنگە، هاندان و پاداشت کردنی منداڵ لەسەر قسەکردن، زمان پاراوی کەسانی دەوروبەری و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی منداڵ راست کردنەوەی هەڵەی زمانی، سوکایەتی پێنەکردن و سەرکوتنەکردنی منداڵ.

## هۆی دواکەوتنی فێربوونی زمان

## ئاخاوتن بە دوو زمان

(بوونی زیاتر لە زمانێک لە ماڵەوە باوک زمانێک بەکاردەهێنێت جیاواز لە زمانی دایک، ئەوەش کاریگەری لەسەر گەشەی زمانی منداڵ دروست دەکات، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە بوونی زیاتر لە زمانێک لە دەوروبەری منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر پێشکەوتن و وەرگرتنی زمانی ئەویش بە بوونی جیاوزی نێوان ڕێکخستنەکانی زمان هەر زمانێک بگەڕێتەوە لەسەر (ڕستە و بنەمای فۆنۆلۆجی...)بنیاتنراوە، منداڵ تووشی تێکەڵ بوونی نێوان دوو زمانی دەکات و لەدەست دانی توانایەتی بۆ بەدەست هێنانی زمان.)سید ئیبراهیم، شاخەوان علی، ٢٠١٦، ل١٠٧.

کەواتە دەتوانین بڵێین، ئەو منداڵانەی لەسەرەتاوە فێری دوو زمان دەکرێن، لە داهاتوودا زەرەرێکی گەورە بەر فێربوونی زمانیان دەکەوێت، چونکە ناتوانن بە تەواوی

فێری هەردوو زمانەکە ببن، بەڵکو بەنیوە چڕی و ناتەواوی فێری هەردوو زمانەکە دەبن، هەر زمانێک ڕێگر دەبێت لە بەردەم فێربوونی زمانەکەی تر بە تەواوی.

## هۆی بۆماوە

(توێژینەوەکان سەلماندوویانە هەندێک لەبوونی ئاستەنگەکانی فێربوونی دەگەڕێتەوە بۆ بۆماوە، ئەو منداڵانەی یەکێک لە دایک و باوکیان زمانی ئاخاوتنیان دواکەوتووبێت، لە تەمەنەکانی منداڵی پێش وەخت هەروەها لەو خێزانانەی کەسانێک هەیە زمان و ئاخاوتنی دواکەوتوو بێت، لە ئێستادا لێکۆڵینەوەی ئەوتۆئاماژە بە دۆزینەوەی چینات دەدات، کە پەیوەندی هەیە بە دواکەوتنی زمانزانی لای منداڵ.)حەسەن مەسنی و خالید مالیزی، ٢٠١٨، ل٧٠.

کەواتە دەتوانین بڵێین، بۆ ماوە لەڕێگای دایک و باوک یان یەکێک لە ئەندامانی خێزان لە تەمەنی منداڵی زمانی داکەوتووبێت، کاریگەری دەبێت لەسەر زمانی ئەو منداڵانەی لەو خێزانە لەدایک دەبن مەرج نییە هەموو ئەو منداڵانەی لەو خێزانە لەدایک دەبن زمانیان دوابکەوێ، بەڵام لەوانەشە هەندێک لە منداڵەکان تووشی دواکەوتنی گەشەی زمان ببن.

## هۆی تێکەڵاو نەبوون

(تەنیایی لە تەنگوچەلەمەی بەیەک گەیشتن و ئەوەی زیاتر تێبینی دەکرێ لای ئەو منداڵانەی دووچاری تەنیاییەکی کلاسیکی هاتوون، کورتهێنانی چۆنیەتی و چەندەتییە لەیەک گەیشتنیزارەکی و نازارەکی دا، تەنانەت ئەوەی زۆرتر لە تەنگوچەلەمەی زمان وەردەگیرێت، لای ئەوان تووشی تەنیایی هاتوون خەسڵەت و سیفەتی دیاریکراو و جیاکەرەوە لای ئەو کۆمەڵەی منداڵان هەیە.)سید ابراهیم و شاخەوان علی، ٢٠١٦، ل١٠٩.

کەواتە دەتوانین بڵێین، تەنیایش هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی زمانی منداڵ، چونکە ئەو منداڵە لە زۆربەی کات بە تەنیایە و تێکەڵی دەورووبەر نابێت، جا بەهەر هۆکارێک بێت وەک (نازداری، کەمی سۆزی دایک و باوک، نەخۆشی...)وادەکات، کە منداڵ زمان بەکارنەهێنێت و چالاکی و گەشە و فێربوونی زمانی دوابکەوێت.

## هۆی دووانە

(دووانە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی زمانی منداڵ، چونکە ئەو هێز و پاڵنەرەی لای منداڵی تاقانە هەیە لای منداڵی دوانە نییە.بۆ فێربوونی زمان و وەڵام دانەوەی ئاماژە زمانییەکان، منداڵی دووانە بە بەراورد لەگەڵ منداڵی تاقانە جیاوازی لەنێوان گەشەی زمانیاندا دەبێت، بە جۆرێک منداڵی تاقانە زووتر فێری زمان و وشە و ڕستەی تەواو دەبێت، بەڵام دووانەکان زیاتر پەیوەندی لەنێوان خۆیاندا دەبێت و لاسایی یەکتر دەکەنەوە، بۆیە دەرەنگتر فێری زمان دەبن.)سوود وەرگرتن لە مەحازەرەی م.میدیا غازی، ٢٠١٩.

کەواتە دەتوانین بڵێین، دووانەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی فێربوونی زمانی منداڵ، چ لەرووی بایلۆجیەکەوە بێ، وەک درەنگ پێگەیشتنی ئەندامانی ئاخاوتن یان چ لەرووی ژینگەییەوە بێت، وەک کەمتر تێکەڵ بوونی منداڵانی دەوروبەر زۆربەی کات لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندی دان.

## بەشی دووەم

هۆی دواکەوتنی زمانی منداڵ

لە تەمەنی دوو ساڵی تا سێ ساڵی

کاری پڕاکتیکی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ دەروونناس(د.یوسف حمە صالح)رۆژی دووشەم، کات (١٠:٣٠)، ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٧.

دەربارەی هۆی دواکەوتنی زمانی منداڵ چەند پرسیارێکم ئاراستە کرد و ئەویش بەرێزەوە وەڵامی دامەوە.

## پ١/هۆی دواکەوتنی زمانی منداڵ دەگەرێتەوە بۆچی؟

د.یوسف: پێشەکی سڵاو رێزم هەیە بۆ ئێوە و بۆ برای بەرێزم (د.رفیق شوانی ود.یوسف)، بێگومان لەرووی سایکۆلۆژیەوە لەرووی پەروەردەیەکەوە دواکەوتنی منداڵ لەرووی زمانەوە چەندین هۆی هەیە، ئەگەر ئێمە دڵنیا بین لە هۆکارە بایلۆجی وفیسیۆلۆجیەکان و جەستەییەکان کە پەیوەندی بە مێشک و زمان وئاستی پێگەیشتنی ئامرازەکانی وقسەکردن هەیە، دڵنیابین کە منداڵەکە سەلامەتە لەورووەوە کەواتە هۆیەکان زۆربەی یا پەروەردەین یا دەروونین یان هەردووکیان یا کۆمەڵایەتیشن، جاری وا هەیە کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەچۆنیەتی پەیوەندی کردن لەگەڵ منداڵەکە هەیە، لەوجۆرە منداڵانە وەک گریمانێک سەر بە خێزانێکن ئاستی ئاخاوتن و قسەکردنیان ئاستێکی زۆر بەرزی نییە، یانی بە زمانێکی باش و پارو گەرم و لۆجیکی و دەروونی گونجاو لەگەڵ منداڵەکە ئاخاوتن ناکەن، یان پەیوەندی ناکەن ئەوە زۆر زۆر گرنگە ئاستی پەیوەندی کردن لەگەڵ منداڵەکە ئاستێکی زۆر لاوازە، وە گریمانێک چونکە توێژینەوەکانی دەروونناسی پیشانیان داوە کەوا ئەو منداڵانەی لەرووی زمانەوە لاوازن یەکێک لەوانە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیە، کە دایک و باوک بەجۆرێک پشت گوێ خستن ئیهمالی تێدایە هەندێک دایک و باوک وادەزانێ پەروەردەکردن بریتییە لە تەنها جلو بەرگ و خواردن و یان دابینکردنی یاری و ئامرازەکانی یاری ئەوانە هەمووی پێویستن، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە و پەیوەندییە دەروونیەکە یەکێکە لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی گەشە پێدانی لایەنی زمان بۆ منداڵەکە.

## پ/ ژینگەی خێزان و ئاستی ڕۆشنبیری دایک و باوک کاریگەری هەیە؟

د.یوسف: بێ گومان ئەگەر دایک و باوک لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بن وە مافی منداڵەکەیان نەدەن، بەشێوەیەکی باش ئەوا ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر ئاستی گەشەکردنی زمان لای ئەو منداڵە هەیە، خاڵێکی تر ئەویش زۆر گرنگە هەر پەیوەندی هەیە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و تێکەڵاو بوونی منداڵە لەگەڵ منداڵانی تر، بۆیە هەندێک لە توێژینەوەکان وایان پیشان داوە هەندێک لە دایک و باوکان بە ئاراستەیەک مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، نە خۆیان وەک پێویست ئاخاوتنیان لەگەڵ دەکەن نە بواریان بۆ دەرەخسێنن، کە منداڵەکان بچنە دەرەوە لەگەڵ منداڵانی تردا، چونکە بەراستی پەیوەندی کردن لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەن زۆر زۆر پێویستە و کاریگەرییەکی زۆر باشی دەبێت بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو کۆگا زمانەوانییە و ئەو خەزێنە مەعریفیە، چونکە بەراستی زمان بێ مەعریفە دروست نابێ لەبەر ئەوە زمان و بیرکردنەوە و مەعریفە هەموو کار لەگەڵ یەکتر دەکەن و تەئسیر دەکەنە سەر ئاستی یەکتر لەگەڵ هاوڕێکانی، بێ گومان چەندین زانیاریوەردەگرێ، ئیتر نازانین ئەوزانیاریانە بەسوودن یان بێ سوودن گرنگ ئەوە زانیاری وەردەگرێ لەرێگای زمانەوە وای لێ دێت هەم زانیاریەکانیشی باشتر بێت.

کەواتە منداڵێک ئەگەر کێشەی زمانی هەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکانی دایک و باوک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خۆی، لەگەڵ منداڵانا بۆیە هەندێ منداڵ کە تەماشا دەکەی دەچێتە قوتابخانە بەتایبەت یەکی سەرەتایی، لە پێشا کێشە و مەعاناتێکی زۆر دەبێت لە دەربڕین، لەوانەیە ببێتە مایەی شەرم و دەربڕینی زۆر لاواز دەبێت، لە بیر و بۆچوونەکانی کارلێکی لەناو پۆلەکەم دەبێت، بەڵام بە درێژایی کات سەیر دەکەی بەرە بەرە دەستە بەری ئەو مەعریفە و ئەو چەمک و دەستەواژانە دەکات و بەرە بەرە ئیحتیمالی هەیە بەکاری بهێنێ و لەو کێشەیە رزگاری بێت.

## پ٣/ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا تا چەند کاریگەری هەیە؟

د.یوسف: ئەگەر باسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، ئەوا بێ گومان ئەمڕۆ باوە و بڵاوە دایک و باوک هەمیشە لەم سەردەمەی جیهانگیرە ، ئەو ئامرازانە بۆ منداڵەکانیان دابین دەکەن لەڕێگای ئەو ئامرازەوە بە بۆچوونی من و تەجروبەیەکی من ئەبینم زۆربەی ئەو منداڵانە ئینگلیزیەکەیان باشە زیاتر دەچنە سەر ئەپلی کەیشن و ڤیدیۆیانەی کە رسمی ئاژەڵ و هەندێ یاری گەورە و بچووکی دەکات، جاری وا هەیە ئەوانە زیاتر بە زمانی ئینگلیزین و سەیر دەکەن و ئاستی زمانی ئینگلیزیان باشە، بەڵام بەداخەوە زمانی دایکیان لاوازە، بێ گومان ئەوکاتە ئینگلیزیەکەیان زۆر زۆر بەهێز دەبێت، من بە شتێکی خراپی نازانم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خراپیەکەی لەوە دایە، زمانی دایکی نازانێ چونکە زمانی تەواصلە لە زمانی پەیوەندی کردن لەگەڵ دەورووبەردا، بۆیە ئەوش کاریگەرییەکی زۆر بەهێز دەبینێت لە لاواز کردنی زمانی دایک و زمانی کوردی ئەوەش شتێکی ترمان بۆ دەسەلمێنێ، کە منداڵ هیچ کێشەیەکی نییە لەرووی زمانەوانییەوە ئەی بۆچی زمانی ئینگلیزی فێربووە، کە تەواصلی زیاترە بۆ ئێمە دەتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین لەڕێگای پەیوەندیەکی کارا هەموو خەسڵەتە ئەرێنییەکانی تیا بێ لەرووە پەروەردەییەکە و لەرووی سایکۆلۆژییەکەوە.

## پ٤/ لایەنی ئابووری یان ترساندنی منداڵ بەر هۆیەک بێت؟

د.یوسف: ئێمە ئێستا هاتینە سەر ڕەهەندێکی تر لە بابەتەکە بە هەندێ ئەو هۆیانەی وادەکەن لەو تەواصلەی لاواز بێت لایەنی دایک و باوکە وە سەرقاڵ بوونی کێشەی ژیان، کە کەسابەت و کار و پیشەیە لایەنە ئابووریەکەیە لایەنە دەروونییەکەیە، بێ گومان ئەگەر دایک و باوک پێنەوە ماندووبن و میزاجیان تەواو نەبێ تاقەتیان نییە لەگەڵ یەکتریش قسە بکەن، نەک لەگەڵ منداڵەکە ئەوە ڕنگدەداتەوە، بەڵام هیچ پاساوێک نییە لە کەمترخەمی دایک و باوک، بۆیە پەیوەندی کردن لەگەڵ منداڵەکەیان ئەوەیە، تۆ حیسابت کردووە منداڵت دەبێ و بە شێوەیەکی پێویست پەروەردەی بکەی یان ئەوە پاساو نییە کە تۆ میزاجت تەواو نییە و ماندوو دەبی دەبێ حیساب بۆ ئەوە بکەی پێش ئەوەی منداڵەکە ببێ، کە هاتیش بەخێر بێ، بەڵام تۆ وەکوپێویست دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکەی، بێ گومان دابڕانەکە ماوەکەی درێژ بێتەنانەت ماوکەشیکەم بێت. کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر گەشەی زمانی منداڵەکە، لەرووی دەروونیەوە بەتایبەتیش لەرووی زمانەوانییەوە .

جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ دایک و باوک ئەگەر دایک و باوک هەمیشە پەنا بردن بۆ دەسەلات و بۆ تۆقیو و ترساندنی منداڵەکە و هەست بە ئاسایشی دەروونی نەکا لەگەڵ دایک و باوکیەوە، بێ گومان هەم کاریگەرییەکی هەیە لەسەر بارە دەروونییەکەی و بەتایبەتی لایەنە زمانیەکەی.

## پ٥/ ڕەگەزی منداڵ لەرووی دەروونیەوە چ دەورێکی هەیە؟

د.یوسف: خۆی لەرووی دەروونیەوە هەندێک جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو دوو رەگەزە، هەندێ جیاوازی هەیە دروستکراوە کۆمەڵگا دروستی کردووە، بۆ نموونە بە کچ دەڵێ زەعیفە و شەرتیش نییە لەوانەیە کوڕەکە زەعیف بێت، کچەکە بەهێز بێت ئەوا هەندێ ئەو دەورە سەقافیە وایلێکردوون زۆر ئەرێنی سەیری کوڕەکە بکەن، بە چاوێکی تر سەیری کچەکە بکەیت، بەلام لە راستیدا وانییە  ئاستی زیرەکی و ئاستی چالاکی و ئاستی بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەلایەتتەکان لە کاروئیش و کاسبی تەقریبەن وەک یەک وان، بەلام توێژینەوەکان بە تایبەتی لە بواری دەروونناسی و زمانەوانی وای نیشانداوە، کە کچ ئاستی قسەکردنی چالاکترە لە کوڕ یانی قسەزانترە لە کوڕ، وتمان هەندێ جیاوازی هەیە کۆمەڵگا و کلتور دروستی کردووە، ئەوا ئەسڵ و ئەساسی نییە لەرووی زانستیەوە و لەرووی مەعریفەوە.

بەلام ئەگەر کەسێکی لابەلا لەدەرەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی قسە بکات، ئەوا شتێکی حەتمییە ئەو فەرقە، ئەو فەرقە حەتمی نییە بە دەلیلی ئەوەی تۆ کچەکەت کوڕانی پەروەردەکەی و کوڕەکەشت کچانی پەروەردەکەی، سەیر دەکەی هەڵگری خەسڵەتەکانی ڕەگەزی بەرامبەر هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوە قائیدە نییە بۆ نموونە ئاستی شیکاری و ماتماتیک لای کوڕەکە بەهێز ترە وەک لە کچەکە، بەلام مانای ئەوە نییە زانا و کەسێکی کارامە لە ماتماتیکا مەسەلەن کچ بێ ئەوەی کچەکەش کارایە لە قسەکردن و ئاخاوتنیان ئەوا مانای ئەوە نییە کەسانێک هەبن لەناو کوڕا ئاخاوتنیان باش نەبێ و زمانیان باش نەبێ.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (سۆزان حسن)، کە دەکاتە دایکی (سیڤەر)، رۆژی دووشەم، کات (١:٣٠)ی دوای نیوەڕۆ، رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١. سیڤەر تەمەنی دووساڵ و سێ مانگە گەشەی زمانی دواکەوتووە.**

**پ/ سیڤەر چەند وشە باش دەزانێت و چەند وشەش بە هەڵە دەردەبڕێ؟**

م.سۆزان: تەنها دایە و بابە باش دەزانێ و چەند وشەیەکی تریش دەزانێ، بەڵام بە هەڵە دەریان دەبڕێت وەک (دوور، دەرگا، میما، گەرما، بوو، برۆ، های، بڵند، نایت، شەوشاد...).

**پ/ ریزبەندی چەندەم منداڵە؟**

م.سۆزان: یەکەم منداڵە و تاقانەیە.

**پ/ گەشەی منداڵی چۆن بوو؟**

م.سۆزان:هیچ کێشییەکی نەبوو زۆر باش بوو، لە تەمەنی یەکساڵی توانای ڕۆیشتنی هەبوو.

**پ/لە خێزانێکی گەورەدا دەژین؟**

م.سۆزان: نەخێر، تەنیا من سیڤەر و باوکی بەیەکەوە دەژین.

**پ/ ژینگەی ماڵەوەتان چۆنە؟**

م.سۆزان: من زۆربەی کات خەریکی کاروباری ماڵەوەم قسەی لەگەڵ دەکەم، بەڵام کاتم نییە باوکیشی زۆر کەم دووە زۆر بەکەمی قسەی لەگەڵ دەکات، ماوەیەک ناردمان بۆ داینگە تا تێکەڵاوی منداڵانی هاوتەمەنی خۆی بێت، بەڵام لە داینگە بە ئینگلیزی قسەیان لەگەڵ دەکرد بۆیە بەردەوام نەبووم لە ناردنی سیڤەر بۆ داینگە.

**پ/ ئایا لەناو خێزانەکەتان هیچ حاڵەتێکیدواکەوتنی گەشەی زمانی منداڵ هەبووە؟**

م.سۆزان: بەڵێ پورێکی سیڤەر لە تەمەنی پێنچ ساڵی فێری قسەکردن بووە.

کەواتە: یڤەر منداڵێکە تێکەڵاوی دەورووبەر نابێت، زۆربەی کات لەگەڵ دایک و باوکییەتی، بەڵام ئەوانیش کەم تەرخەمن لە فێربوونی زمانی هەروەها لە خێزانەکەشیان حاڵەتێکی بۆماوەی هەیە، هەموو ئەمانەش کاریگەریان هەیە بۆ زمانی فێربوون.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ (پەیمان عەلی)، کە دەکاتە دایکی ژێوەر، رۆژی چوارشەم، کات (٤:٠٠)ی ئێوارە، رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٥، ژێوەر تەمەنی دووساڵ و شەش مانگە گەشەی زمانی دواکەوتووە.

**پ/ژێوەر منداڵێکی چۆنە و چەند وشە دەزانێت؟**

دایکی ژێوەر: منداڵێکی تا بڵێی بە جووڵەیە و جگە لە وشەی (بابا) هیچ وشەیەکی تر نازانێت.

**پ/ریزبەندی چەندەم منداڵە؟**

دایکی ژێوەر: چوارەم منداڵە و لەگەڵ خوشک و براکانی جیاوازی تەمەنی زۆرە خوشکە بچووکەکەی هەشت ساڵ لە ژێوەر گەورەترە.

**پ/ گەشەی منداڵی چۆن بوو؟**

دایکی ژێوەر: زۆر بە سستی گەشەی دەکرد، زۆربەی کات نەخۆش بوو تەنانەت ئەو کاتەی کە لەدایک بووە زۆر نەگریا باش هەوڵێکی زۆری پەرستارەکان ئینجا گریا بوو، دکتۆر گوتبووی ئەو منداڵە لەکاتی دووگیانی دا ئاوی بۆ نەچووە زۆر وشک بووە.

**پ/ ئەی منداڵەکانی ترت هیچ کێشەیەکیان هەبووە؟**

دایکی ژیوەر: نەخێر هەم لەرووی تەندروستی ولەرووی زمانەوەش زۆر زۆر باش بوون.

**پ/ لە ژینگەیی ماڵەوەتان جەوێکی واتان بۆ دروست کردووە کە یارمەتی دەر بێت بۆ فێربوونی زمانی؟**

دایکی ژیوەر: بەڵێ زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدەین و تێکەڵاوی دەورووبەری دەکەین هیچ کات ناهێڵین بە تەنیا بێت.

**پ/ سەردانی پزیشکتان کردووە یان پزیشک چی دەڵێت؟**

دایکی ژیوەر: بەڵێ سەردانی چەند پزیشکێکمان کردووە، دەڵێت ئەو ئامرازانەی کە پەیوەندی بە قسەکردنەوە هەیە هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵام وادیارە ئەو وشک بوونەی لەکاتی دووگیانی روویداوە کاریگەری هەبووە لەسەر خانەکانی مێشکی.

کەواتە: ژیوەر ئەو کاتەی لەناو منداڵدانی دایکی دا بووە کێشەی تەندروستی هەبووە، ئەمەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر مێشکی ئەو منداڵە لە ناوچەی (برۆکا)کە تایبەتە بە زمان و فێربوون.

ڕۆزەی کچم لە تەمەنی دووساڵی نەیدەتوانی قسە بکات بە زمانی دایکی تەنها (دایە و بابە)ی دەگوت، زۆربەی کاتەکان بە دیار (تیڤی)ەوە بوو، ئەو وشە ئینگلیزیانەی گوێی لێ دەبوو دەیگوتەوە بەبێ کێشە بێ ئەوەی زمانی دایکی بزانێ و ئەو وشانە دەردەبڕێ وەک (ڕەنگەکان، ناوی پەلەوەر و ئاژەڵەکان، درەختەکان، میوەکان...)، هەروەها گۆرانی منداڵان بە ئینگلیزی دەگوتەوە، تا تەمەنی گەیشتە نزیکەی سێ ساڵی وردە وردە وشەی کوردی فێردەبوو، پاش هەوڵدانێکی زۆری من و باوکی، بەڵام وشەکانی ڕەوان نەبوون تا دوای تەمەنی سێ ساڵ و نیوی، هەروەها دورمان خستەوە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. هۆی ئەوە بوو من پۆلی شەشی ئامادەیی بووم منداڵێکی لەوم بچوکتر هەبوو، بۆیە نەم دەتوانی گرنگی بە فێربوونی زمانی ڕۆزەی کچم بدەم،

لەهەمان کاتدا دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانە لای داپیریم بەجێم دەهێشت، ئەویش بە دیار (تیڤی)وە دایدەنا لەبەر ئەوەی ڕۆزە زۆر بە جووڵە بوو.

کەواتە: وەک دایکێک لە ئەزموونی دایکایەتی خۆم و هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کردوومە، پێم وایە منداڵ بە ڕێژەیەکی فراوان لە تەمەنی دوو ساڵی دا لە لوتکەی فێربوون و وەرگرتنی زمان دایە، جا بەهەر هۆیەک بێت زمانی دایکی فێر نەبێت زمانی دووەمی لەرێگای تۆرەکۆمەڵایەتیەکان وەردەگرێ یان فێربوونی زمانی دوا دەکەوێت.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (زەهرا)ڕۆژی دووشەمە، کات (١٢:٣٠)ی نیوەڕۆ، ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١، م.زەهرا کچێکی هەیە بەناوی (سیدرا)یە،کە تەمەنی سێ ساڵ و شەش مانگە، گەشەی زمانی دواکەوتووە، چەند پرسیارێکم لێکرد ئەویش بەرێزەوە وەڵامی دامەوە.**

**پ/سیدرا لە چ تەمەنێک قسەی کردووە؟**

م.زەهرا: لە تەمەنی ساڵێک و پێنج مانگ هەندێک وشە فێربووە، بەڵام دواتر وشەکانی تێکەڵاو دەکرد و تێنەدەگەیشت، تا ئێستاش گەشەی زمانی باش نییە بۆ نموونە بە ڕەنگی پەمیەی دەڵێ پەپلە یان بڕۆین بۆی .

**پ/ گەشەی منداڵی چۆن بوو؟**

م.زەهرا: هیچ کێشەیەکی نەبوو زۆریش باش بوو.

**پ/ ژینگەی سیدرا چۆنە؟**

م.زەهرا: من ڕۆژانە تاکو سەعات (٣)ی دوای نیوەڕۆ لە دەوامم، ئەویش لەداینگەیە تێکەڵاوی منداڵەکانی تر دەبێت و هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام من کوردی دانیشتووی موصڵ بووم، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێم زمانی کوردیم زۆر باش نەبوو، وشەی کوردی و عەرەبیم بە تێکەڵاوی بەکارهێناوە باوکیشی بادینییە و بە زمانی خۆی قسەی لەگەڵ دەکات.

کەواتە: بەکارهێنانی چەند زمانێک لەیەک کاتدا دایک بە زمانێک و باوکیش بە زمانێکی تر بەکاردەهێنن، لە داینگەش بە ڕێژەیەکی زۆرتر زمانی سۆرانییە، ئەمەش دەوری کاریگەری هەیە بۆ دواکەوتنی زمانی منداڵە.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ (بێریڤان حیدر)، کە دەکاتە دایکی ئاریا رۆژی شەمە، کات (٤)ی ئێوارە، ریکەوتی ٢٠١٩/١١/١٦.**

**پ/ ئاریا تەمەنی چەند ساڵە و چەند وشە دەزانێت؟**

دایکی ئاریا:تەمەنی سێ ساڵ و دوو مانگە، تەنها سێ وشە دەزانێت ئەوانیش (دایە، بابە، دەخۆم).

**پ/ لەرووی ریزبەندی چەندەم منداڵە؟**

دایکی ئاریا: یەکەم منداڵە و هیچ خوشک و برای نییە.

**پ/ گەشەی منداڵی چۆن بوو؟**

دایکی ئاریا: ددانەکان و پێگرتنی دواکەوت.

**پ/ ژینگەی ماڵەوەی چۆنە؟**

دایکی ئاریا: منداڵێکی زۆر بە جووڵەیە منیش زۆر هیلاک دەبم بە دەستییەوە، ناچار دەبم بە دیار (تیڤی)دایبنێم، لەبەر ئەوەی ئەگەر بهێڵم بێتە دەرەوە ئەترسم زیان بەخۆی بگەیەنێ، لە ماڵەوەش زۆربەی کات بەتەنیایە.

کەواتە: ئاریا منداڵێکی بە جووڵەیە وزۆربەی کات بە تەنیایە و تێکەڵاوی نییە ئەم تەنیایە دەوری کاریگەری هەیە بۆ زمان و فێربوونی.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەزمونی دایکایەتی خۆم و ئەو دایکانەی کە منداڵیان پەروەردە کردووە، سەرچاوەکان و لێکۆڵینەوە و پراکتیکیەکان و تیۆریەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١-زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، ئەم هۆیەش لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ پەیدا بووە، زمانی منداڵ بە چەندین قۆناغ دا تێدەپەڕێت پاش ئەوەی لە دایک دەبێت، هەر قۆناغە و خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە.

٢-قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ بابەتێکی گرنگە لە ژیانی منداڵدا، پاش لێکۆڵینەوە لە سەدان منداڵ زانایان گەیشتنە ئەو رایەی، کە بڵێن دەتوانین شەخسییەت و زمانی منداڵ پاش (٣)ساڵی بەهێز بکەین یان بیروخێنین.

کەواتە منداڵ لە تەمەنی (٣-٥)ساڵی پێویستە چاودێری بکرێت، بەتایبەتی لەرووی زمان و پەروەردەییەوە، چونکە لەو ماوەیەدا ئەو کارانەی کە دایک و باوک جێبەجێ دەکات لە ٩٠%ی کاری پێگەیاندی زمان و پەروەردەییە، ئەم قۆناغە بە خاڵێکی پڕ بەها دادەنرێت لە ژینگەی زمان و کەسێتی منداڵ.

### *دواکەوتنی گەشەی زمانی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ بەتایبەتی هەردوو لایەنی بایلۆجی و ژینگەیی.

١-هۆی بایلۆجی: ئێمە سەرەتا دەبێت دڵنیا بین، کە ئەو منداڵانەی زمانیان دواکەوتووە لەرووی بایلۆجیەوە هیچ کێشەیەکیان نییە، چونکە هۆیە بایلۆجیەکان راستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر زمانی منداڵ وەک (مێشک و پێگەیشتنی ئەندامانی ئاخاوتن و دەمارەکان...)، کەواتە ئەگەر ئێمە دڵنیا بین ئەم منداڵە هیچ کێشییەکی تەندروستی نییە هۆی دواکەوتنی زمانی کۆمەڵایەتییە یان دەروونیە.

٢

٢-هۆیە ژینگەییەکان: پەیوەندی بەچەند لایەنێکەوە هەیە، وەک (کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان...). بێ گومان ئاستی ڕۆشەنبیری دایک و باوک زۆر گرنگە بۆ پەیوەندی کردن و ئاستی ئاخاوتن و قسەکردن و گەشەی زمانی منداڵ، دایک و باوک ئەگەر بەردەوام بە کاروباری ژیانەوە سەرقاڵ بوون کاتی ئەوەیان نەبێ، کە گرنگی بە زمانی منداڵەکەیان بدەن ئەم منداڵە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەست بە دوورەپەرێز و دابڕان دەکات لەگەڵ دایک و باوک، کەمپەیوەندی کردن لەگەڵ منداڵ و گرنگی پێنەدانی کاریگەری خراپ لەسەر لایەنی دەروونی جێدەهێڵێت.

## لیستی سەرچاوەکان


١-د.رفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢-د.کەریم شریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥.

٣-د.عبدالواحد مشیر دزەیی، زمانەوانی دەروونی، ناوەندی ئاوێرە، هەولێر، ٢٠١٤.

٤-د.ئازاد ئەمین باغەوان و د.ناصح محمد فاتح، گەشەکردنی زمانی منداڵ، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوک، ٢٠١١.

٥-د، حسن مسنی و د،خالید مالیزی، پەروەردەی تایبەت، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٨.

٦-د.سید ابراهیم و د.شاخەوان علی محمد، چۆن لە منداڵەکەت تێدەگەیت و ڕەفتاری لەگەڵ دەکەیت، چاپخانەی حاجی قادری کۆیی، هەولێر، ٢٠١٦.


### کتابی عەرەبی:


١-حاتم صالح الضامن، علم اللغة، طبح بمطعه لتعليم الحالي بالموصل، ١٩٨٩.


### گۆڤار:


1-ئارام عبدلله و یاسین عبدلله، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٤.

١-سەرجاوەی google، د.زانا جبار.

**نامەی زانستی:**

1-دانا تەحسین محمد، نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کوردا، کۆلێژی زمان، زانکۆ سەصلاح الدین، ٢٠١٨.

٢-جەمال حسن مینە، توانست و چالاکی زمان لای منداڵانی کورد، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاح الدین، ٢٠١٣.

**محازەرە:**

١-م.میدیا غازی، محازەرەیەک دەربارەی دواکەوتنی زمانی منداڵ، کۆلێژی زمان، ٢٠١٩/١١/٢١.

**چاوپێکەوتن:**

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ د.یوسف حمه صالح، رۆژی دووشەم، کات (١٠:٣٠)، رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٧.

٢-چاوپێکەوتن لە داینگەی ئازیزەکەم، رۆژی دووشەم، کات (١:٣٠)ی دوای نیوەڕۆ، رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١.

٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ (سۆزان حسن).

٤-چاوپێکەوتن لەگەڵ(پەیمان علی).

٥-چاوپێکەوتن لەگەڵ (م.زەهرا).

٦-چاوپێکەوتن لەگەڵ (بێریڤان حیدر).